# کارت پۆستاڵی سەری ساڵی تازە!



پێم خۆشە تەرمی ساڵی کون بنێژم و بە دەم سەمای دونیای نور و زەماوەندی ڕەنگەکانی تەقەمەنی سەری ساڵی تازە بەرەو بەیان بۆ ساڵی نوێ هەنگاو بنێم، پێم خۆشە لە ئامێزی هیوا گەنماوییەکاندا دایکانە دڵم بکەمە لانکەیێک و سۆزی خاکم بڵاوێنم و ماڵئاوایی لە جەستەی پڕلە زامی ساڵی کۆن بکەم و شەپۆلی ئازارەکانی ئەم مەڵبەندە خوێناویە بە ناو قەدی بەژنی مێژوودا بنێژم و لاپەڕەیێکی نوێ، بۆ بروسکەی نور و پەیامی نوێبونەوە ئاوەڵا بکەم، بۆیە چاوەکانم دەبەستم و پەیکەری ساڵی کۆن دەپێچمەوە و هەنگاو دەنێم بەرەو ئامێزی ئاسۆی خەیاڵە تیشکاوییەکان و هێور هێور بە کاوەخۆ ماچ ئەگرم لە لێوی شەپۆلی خەیاڵێکی ئەفسوناوی و ماڵئاوایی دەکەم لە ساڵی کۆن! بە خۆم ئەڵێم هەموو شتێک خەون بوو خەونێکی ناخۆش! بە خۆم دەڵێم کە تەرمی سۆلینی بچکۆلانە ئەفسانە بوو! چیرۆکێک کە بۆ ئەوە دەبێت ببێت بە ئەفسانە، ..بە خۆم دەڵێم تەرمی گریلاکان کە کیمیای کرابوون ئەفسانەیە چیروکێکی هەڵگیراو لە هیرۆشیما و ناگازاکی! بە خۆم دەڵێم شەڕی ناوخۆش هەر چیرۆک بوو، بە خۆم دەڵیم فەرزادەکان ئیحسانەکان و شیرینەکان هەر زیندون و خەونەکانمان بۆ داهاتوو ڕەنگڕێژ دەکەن..! بۆیە چاو دەبەستم ،..... چاو دەبەستم و ماج لەگوناى نیگای شەپوڵی خەیاڵێکی ئاسمانی ئەدەم و هەوڵئەدەم ماڵئاوایی بکەم لە ئێوارە جەستەتەزیوەکانی بەر پەنجەری چاوەڕوانی، کە لە ناو ئاوێنەی باراندا تەماشا بە جێ ماوەکان ئاوڕئەدەنەوە بۆ سەر سنوور و نیگا وێڵەکان ماتلی قاسیدێکن کە هەواڵی بابا نوئێلێک بهێنی کە بڕیار بوو نانیان بۆ بە دیاری بهێنێت!

ساڵ درنگە! و وەرزەکانی چاوەڕوانی بە سەر چوون بە خۆم دەڵێم ئیتر بەسە!

بە دیار ئێوارەییێکەوە دامەنیشە کە چیترئەستێرەیکی تیا هەڵنایەت! ئیتر بەسە! لە سەر ئەفسانەی کەلاوەی ئومێدە ڕوخاوەکان کوشکێکی هیوا ساز مەکە و چیتر بە شوێن جێی هەنگاوی خاڵی باوکت، برات و منداڵەکەت،لە ناو دەروی پڕ دوکەڵی کۆڵانەکانی ئەم مێژووە خەمبارەدا کە گەڕانەوە تیایدا مانای نیە ماتڵ مەبە، ماتڵ مەبە تا لە غەیبەوە کەسێک بێت و ئازارەکانت بڵاوێنێتەوە لە ناو تەمومژی گورانیەکانی ئیمەدا چیروکی خەتمی وەرزەکان، ساڵیانێکی دوور و درێژە چوارچێوەی خەونەکانیان داڕشتوە!

بە خۆم دەڵێم ورەت هەبێت ئەو چوارچێوە تێک بشکێنە! ئەمە ململانی تۆیە لە گەڵ هونراوەی شەو، بە خۆم دەڵێم چیتر نابێت پرچی قەترانی شەو بهۆنمەوە و ئیتر کاتی ماڵئاواییە، ماڵئاوایی لە گەڵ ئەو مێژووە کە بزەکان کفن دەکات و لە لێواری ساڵەکاندا دەیانێژێت، لە گەڵ ئەو میژویەی کە کاروانی تەرمە بێنازەکانی ئەنفالکراوانی شەرناخ بەڕێ دەکات و چیترپیوست ناکات کە ماتڵ بین تا چیرۆکی ئەم مەڵبەندە خویناویە لە زمانی تریفەی بریندارى مانگەشەو ببیستین.

لە ناو دونیای خەیاڵمدا یاری دەکەم بە ووشەکان و گڕوگاڵیان بە زمانی هیوا پێدەکەم و هەوڵ ئەدەم کە بەژنی ساڵی تازە بکەم بە دارێکی سەوزی باڵابەرز کە سەر لە تروپکی ئاسمان ئەسوێت و ماچ لە گۆنای ئاسۆ ئەدات منداڵەکان پێم دەڵێن دایە ئێستا ساڵ نوێ

دەبێتەوە چاو لە زەماوەندی ڕەنگەکان و تەقینەوەی سەری ساڵ بکە و گوێ بسپیرە دەس موسێقا و سمفۆنیای شەوی سەری ساڵ و شتێک ئاوات بخوازە، بە دڵنیای ئاواتەکەت بەدی دێت لەو کاتەدا بیری شیعرێکی مامۆستا بێشکچی کەوتمەوە کە دەڵێت:

ئێران کوردوستانێکی هەیە

ئێراق کوردوستانێکی هەیە،

تورکیە کوردوستانێکی هەیە، سوریەش کوردوستانێکی هەیە

بەس کوردەکان خۆیان کوردوستانیان نیە ...

بۆیە ئاواتی کوردوستانێکی ئازاد و ئاوەدان دەخوازم بەڵام نازانم بۆ لەو کاتەدا هەستم کرد کە لە باشوری "ئازادکراو" دا دۆعا و ڕۆژان و سۆزان و زەردەشت عوسمان و ئاسۆ ی مامەحەمە... لە سوچێکەوە چاووم لێ دەکەن...

بە خۆم دەڵێم ئاخ هەواری ئەم کاروانەی ئێمە چەندە دوورە...و ڕێگەکەمان چەند خۆڵەمێشی....

منداڵەکان ئەڵێن ئێستا کاتیەتی ئاواتەکانت بخوازە، نیگام ئەسپێرمە دەس بروسکەی نور و لە گەڵ گوڵ کردن و چرۆ کردنی هەر بروسکەیەک کە بە ناو قەدی ئاسماندا بۆ گەشە کردن هەڵدەکشێ نیگای هیوام باڵا دەکێشێت وهێزی ئاواتەکانم ئاوێتە لە گەڵ چەشەی تیشکی تەقەمەنی سەری ساڵ کە وەک تاڤگەیێک ڕێچکە دیاری دەکات و ڕومەتی ئەم شەوە تەمومژاویە دەڕوشێنێت، باڵ دەگرێت و بەرەو نادیار هەڵدفرێت، چاو دەبەستم و وەنەشەی سیس وخەماوی پار دەنێژم و سەرەڕای هەموو شتێک ئاواتی کوردوستانێکی ئازاد و بەختەوەر کە ماڤی هەموو مرۆڤەکانی تیا پارێزراو بێت دەخوازم!

نەهیەی خوشکەلام

٢٠١١/٠١/٠٢

nahyeh@yahoo.de

*سولین ناوی دانێک لەو منداڵانەیە کە لە ڕێکەوتی٢٠١١/٠٨/٢١ لە گەڵ تەواوی ئەندامانی بنەماڵەی بەر بوردومانی فڕوکەکانی سوپای تورکیە کەوتن و گیانیان لە دەست دا.

*دۆعا ناوی ئەو کچەکوردە ئێزەدیەیە کە ساڵی ٢٠٠٧ لە شار باشقە بە هۆی خۆشەویستی لە گەڵ کوڕێکی موسڵمان بردباران کرا.

* ڕۆژان ناوی کچێکی کوردە کە ماوەی چەن مانگ بەر لە بەردبارانی دۆعا بە هۆی خۆشەویستی لە گەڵ کوڕێکی ئێزەدی بە نهێنی بە دەس باو و براکەی بردباراب کرا و کوژرا.

* سۆزان کچێکی کوردی ١٣ ساڵانە بوو کە لە ڕێکەوتی٢٠١١/١٠/٠٦ بە دەس باوکی لە ئاڵمانیا کوژرا

* زەردەشت عوسمان و سۆرانی مامە حەمە ئەو دوو ڕۆژنامەنوسەی کە لە باشوری کوردستان لە سەر نوسین ترور کران.